# سامان سه عیدو پیرۆزبای نه ورۆز و
# کۆمۆنیزمی کرێکاری

**ئه نوه ر نوری**

Anwar_nure@yahoo.com

به رێز سامان له نوسینێکیدا به ناوی نه ورۆزی هه میشه به هارتان پیرۆز هه ندێ ته حلیل و ته فسیری هێناوه به ناوی مێژوی نه ورۆزه وه خه ریکه ده یکات به مێژوی کرێکاران و زه حمه تکێشان.

سه ره تای نوسینه که ی به {نه ورۆز رۆژی قبول نه کردنی سه رکوت کردن و وتنی نا به دژی چینه دارا و حاکمه سه رکوتکارانه}.من نا زانم کاک سامان مه به ستی له م رسته یه کوێیه کام ولاته ئه گه ر مه به ستی کوردستانی عێراقه ئه وا له م رۆژه دا به س ناسیۆنالیزم خۆی ئارایشت ده داته وه و ئه و کرێکار و زه حمه تکێشا نه ش که ناسیۆنالیستن هه مان یادی ناسیۆنالیستی یادده که نه وه و له م رۆژه شدا هیچ ناره زایه تێکی کرێکاری نه بینراوه و مێژوشی نیه . به لام له سه رده می رژێمی به عس دا نه ورۆز به دوو جۆر ده کرا به ناره زایه تی:

1/نا ره زایه تی دژی حیزبی به عس ئه ویش به شکلی پۆشینی جلی کوردی و ئاگر کردنه وه و گۆرانی وتن چونکه ئه و کاته سستمی میلی له سه ر خه لکی کورد هه بوو.

2/ نا ره زایه تی کوران و کچان به شکلی خۆگۆرین ورازاندنه وه و ده رچون بۆ گه ران و خۆ نمایش کردن له سه رجا ده کان له دژی ئه و بیما فیه ی که له سه ریان بوو له لایه ن حکومه ت و باوک و برا و مه زه ب و عاده ت و ته قالیدی مه وجوودی کۆمه ڵگاوه.

به لام دوای روخانی رژێمی به عس و به ده سته لات گه شتنی ئه حزابی قه ومی کوردی له کوردستانی عێراقدا نه ورۆز شکلێکی تری وه رگرت و بوه رۆژی ئارایش دانه وه ی ئه و ئه حزابانه له ژێر دروشمی کوردایه تیدا وه ک پۆشینی جلی کوردی و هه لپه رکێ و سرودی کوردایه تی و چه ندین ته بلیغاتی فریو کارانه که هیچ په یوه ندی به ئاوات و ئاره زوی خه لکی کوردستانه وه نیه. ئه حزابی قه ومی کوردی له م رۆژه دا ده چن مندالانێک به کار دێنن سرودیان پێدهلێن و ئالایان پێراده وه شێن و مێشکیان به زاخاوی دواکه وتوی پرده که ن که ئه مه ش غه درێکی گه وره یه و دژی مافی مندالانیشه . کاک سامان ئه مه ی لا ناخۆش نیه ئه وه ی لا ناخۆشه که که سێکی ناسحۆنالیست بلێت کاکه ئه وه بۆ یادی نه ورۆزتان نه کردۆته وه وئه م یه کسه ر بلێیێ ئه ها ئێمه نه فام و نا کامڵ بووین!

من نازانم کاک سامان ئه و سه ر چاوانه کامانه ن که پشتی پێ ده به ستێ وبه رۆژی کرێکارانی داده نێیت. جگه له وه ش ئه و رۆژه له لایه ن روناک بیرانی ناسیۆنالستی کوردیشه وه له ئێستادا به ئه فسانه ی ناوی ده به ن و ده لێن که سێک نه بوه به ناوی زحاک و دوو مار له سه ر شانی بوبێت وه ده ڵه ن که سیش نه بوه به ناوی کاوه که ئاسنگه ر بوبێت و زحاکی کوشتبێ. ده ڵێن ئه فسانه یه و به س با ئه م رۆژه بکرێت به رۆژی سه ری سالی کوردی.جونکه هه رچی ده که ن بۆیان ساخ نابێته وه که چۆنه مێژوه که ی له یادی نه ورۆزی ئه م سالدا زۆر ره نگی دابوه وه له باس و دێباته کانیاندا .

کاک سامان لە نوسینە کە ی دا تە نها مە بە ستی بوە بە س ئە وچە ند دێڕە ی خوارە وە ی بڵێ و بە جۆرێکیش پاکانە بکات و بلێت ئێمە ئە وکاتە ی لە ناوحککع دا بوین نە فام و نا کامڵبوین، لە کاتێکدا ئە وە ی لە بیر چوە کە ئە گە ر ئێستا لە هە ر کە سێک بپرسیت و بلێیت حککع کێن یە کسە ر دە لێت ئە ها ئە وانە جە ماعە تی یە کێتی بێکارانن کە دە یانوت خە لک دە بێ کاری هە بێت یان دە بێت ژیانی بۆ دابین بکرێت یان دە لێن ئە وانە جە ما عە تی رێکخراوی سە ر بە خۆی ئافراتانن کە ژنانیان رزگار دە کرد لە کوشتن، یان هە لسوڕاوانی خە ستە خانە کانن کە سنگی ئا سایش و تاڵان چیە کانی ئە حزابی کوردیان دە گرت و دە یان وت نابێ ممتە لە کاتی خە ستە خانە کان بدزن و ئاودیوی ئێرانی بکە ن یان دە ڵێن خوێنکاران یان دە لێن ئە وانە ی دژی مە زهە ب و ئسلامی سیاسی و قە وم پە رە ستە کانن .. کاک سامان ئە مانە ی لە بیرچوە و کە وتۆتە ژێر تە ئسیری رە خنە گرانی ناسیۆنالیزمی کوردە وە وخە می ئە وە یە تی کە بە لا غی پیرۆزبایی نە ورۆز نە نوسراوە و هە ر لە بە ر ئە م خە درە گە ورە یە ریزە کانی حککع بە جێدێڵێت . هە ر بۆیە دە ڵێ ئێستا من ریزکانی ئە م بزوتنە وە یە م جێهێشتوە و جۆرێکی تر بیردە کە مە وە دە شڵێت بۆ بە دیهاتنی سۆسیالیزم لە کوردستان مۆدیلێکی تری دە وێت !!!!؟

کاک سامان داوی بە دیهاتنی ژیانێکی هە میشە نە ورۆز وژیانە وە یە بۆ خەلکی کوردستان ،بە لام ئە بێت ئە وە بزانیت کە خە لکی کوردستان داوای ژیانێکی ئازاد و یە کسان داکات کە حککع خە بات کاری ئە و رێگایە یە .

23.03.2005